*Scandinavia Committe of komala party - Iranian kurdistan*

**راگەیاندنی کۆنفرانسی دووی ئەندامانی کۆمەڵە لە مەڵبەندی سکاندیناڤی** 24-01-2007

کۆنفرانسی دووی ئەندامانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران لە مەڵبەندی سکاندیناڤی لە ڕێکەوتی 13 و 14 ی مانگی یەکی 2007 بە بەشداری ئەندامانی مەڵبەند و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ، دەفتەری سیاسی و سکرێتری کۆمەڵە لە ستۆکهلم پەیتختەی سۆئید بە رێوە چوو .
کۆنفرانس بە دەقیقەیەک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد و دێمۆکراسی و سۆسیالیزم دا گیانی خۆیان بەخت کردوە، دەستی پێکرد .
ئەرکی سەرەکیی کۆنفرانس، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروئەرکەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە مەڵبەندی سکاندیناڤی ، پێشنیار و بڕیارنامە بۆ کاری دەورەی داهاتوو و هەروەها هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێی مەڵبەند بوو .
لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا، راپۆرتی سیاسیی ، تەشکیلاتیی وماڵیی مەڵبەند، بە نووسراوە خرایە بەردەست گشت ئەندامانی بەشدار لەو کۆنفرانسەدا. هەروەها لە لایان کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤیەوە قسەوباسێکی تێر و تەسەل لە مەڕ دەستووری کار و ئەرکەکان و دەور و نەخشی کۆمیتەی مەڵبەند لە بوارە جیا جیاکاندا بە گشتی و لە کردەوادا لە ئاست مەسایلی سیاسی ، تەشکیلاتی ، ماڵی و پێوەندیەکاندا پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفرانس کرا. لە درێژەدا، کاتی پێویست تەرخان کرا بۆ قسە و باسی ئەندامان لە سەر راپۆرتی سیاسی، تەشکیلاتی و ماڵیی و گەشت بوارەکانی کاروهەڵسوڕانی کۆمیتەی مەڵبەند ، لایەن و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کار و چالاکیەکان و ئاستی پێشرەوی و کەم وکۆرەیەکانی دراینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.لە سەر ڕا و بۆچوونی زوربەی بەشداربوان، چەندیی و چۆنیی کار و هەڵسووڕانی کۆمەڵە لەو مەڵبەندە دا بە نرخ و بە سوود هەڵسەنگێندرا و بۆ چارەسەریی و سڕینەوەی کەم و کوڕیەکان تەئکید و پێداگریی دوبارە کرایەوە.
کۆنفرانس لە سەر روونکردنەوەی ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی مەڵبەند و کومیتەی وڵاتەکان و پێوەندیان لە گەڵ کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی تاکیدی کرد.
بڕیارنامەکانی کۆمیتەی مەڵبەند لە سەر ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی مەڵبەند ، کۆمیتەی وڵاتەکان و هێندێک بڕیارنامەی لەو چەشنە، نرایە بەردەستی بەشداربووان ، و کۆنفرانس ئەرکی رێک و پێک کردن و ناردنی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی خستە سەرشانی کۆمیتەی نوێی مەڵبەند و بەرپرسی دەرەوەی وڵات .
لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسدا، بەرپرسی پێشووی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و ئەندامی دەفتەر سیاسی کۆمەڵە هاورێ عەبوبەکر مودەرەسی لە قسەوباسێکی کورت دا، جەختی کردەسەر گرنگیی دەور و نەخشی کۆمیتەکان لە یەکدەستی و ئینسجامی تەشکیلاتیدا و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کاری کۆمیتەی مەڵبەندی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی یەک دەربری .
هاورێ ناسر حیسامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی رۆژهەڵات تی ڤی لە قسەوباسێکدا چووە سەر باسی چاکسازی حیزبی و ئاماژەی کرد بە هێندێک لەو هۆکار و کەند و کۆسپانەی کە لە دەورەی پێشوودا تەگەرەیان خستبووە سەر بەرێوەچوونی ئەرکە تەشکیلاتیەکان لە مەڵبەندی سکاندیناڤی .
هاورێ عبداللّٰه موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بەشداری رۆژی دووهەمی کۆنفرانس بوو کە قسەوباسێکی لە سەر هەل ۆ مەرجی کوردستان و مەنتەقە ، هەر وەها دەورونەقشی کۆمەڵە لەو ئاڵۆگۆرەکاندا پێشکەش کرد و لە سەر گرنگیی یەکڕیزی و یینسجامی تەشکیلاتی وەک بنەما و فاکتۆرێکی گرنگ و بەهێز بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکان و گەورە بوونەوە و هەر چی زیاتری جەماوەریی کردنی کۆمەڵە تەکیدی دوبارەی کردەوە.
کۆنفرانس بە قسەوباس لە سەر هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێی مەڵبەند، گەیشتە کۆتایی و بەم جورە پاش دوو رۆژ کاری چڕوپڕ، بە هەڵبژاردنی پێنج کەس بۆ کۆمیتەی مەڵبەند سکاندیناڤی، رۆژی یەکشەممە، چواردەی ژانویەی 2007 زاینی کۆتایی بە کاری خۆی هێنا .

بە سپاسەوە


**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئیران . کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی**

Tel : 0046 73 727 9649 .. 0047 95 428 206 mail: kmsk2004@hotmail.com

Adress: Box 101 post nr 424 23 Göteborg SWEDEN .. postgiro …….....


ۆێنەکانی کۆنفرانسی دوی ئەندامانی مەڵبەندی سکاندیناڤی .

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com






PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com